# بۆنی گریانم گرتووه

ئاویزان نوری



سەیرە کە دەژیمو لە مردوو دەچم

سەیرە کە پێدەکەنمو نۆتەی گریان لە گەرووم دێتە دەرێ

سەیرە کە دەمەوێ شتێك بنوسمو نابێتە هیچ

جگە لە دڵۆپە ئەشكو

بەسەر گۆنای خۆمو شیعرەکانمدا دێنە خوارێ

من ئەم گریانەم پێ تەفسیر ناکرێ

هەروەکو چۆن

خەونو خەیاڵو حیکمەتەکانی ئاوم بۆ تەفسیر نەکرا

من ئەم هەموو ئازارو خەمەم بۆ ئەژمار ناکرێ

هەروەکو چۆن ئەستێرەکانم بۆ ئەژمار نەکرا

لە پەناگەی ئەم گریانو ئازارانە

حەقیقەتم لێ تاڵ بووەو مومارەسەی مردنێك دەکەم

تا ئیدی

قەڵەمەکەم بەردەوام فرمێسك نەنوسێتەوەو

وشك نەکات

حەرفەکان لێڵ ببنو

حونجە نەکرێن

ژین پێم پێبکەنێو منیش بگریم..

بە ژمارەکانی هەنسك تەمەنم کۆی پێکەنین کردو

دابەشی گریانم کردەوە مایەوە هیچ

ئاخر خودایە

هێند گریاوم

لە دوورەوە بۆنی گریانم دەکەن

نازانم.. حیکایەتی ئەم گریانە بێ سنورەم لای کێ باس بکەم

خەونی ئەم فرمێسکانەم

بۆ چ ئاوێکی بگێڕمەوە

نەشئەی ئەم هەمو هەنسکەم

تەزو بە جەستەی چ قەدەرێکدا دێنێ

خودایه

قەرار بوو

(حیكمەتەكانی گریان لای ئەو ئاشكرا بكەم

داستانی فرمێسكی بۆ بگێڕمەوەو

گینگڵی هەنسكی بۆ بدەم)

كەچی خۆیشم

سەر لەم هەموو نوزە نوزەم دەرناكەم

لە نیشتمانی منداڵیمدا هەر گریانم دەزانیو

هیچی دی نا

لە گەورەبوونیشمدا هەر گریان دەزانمو

هیچی دی نا

لە بۆشایی خۆمدا دەخولێمەوە

زاكیرەم خاڵیە لە هەموو شتێكو

پڕە لە گریان

حەقیقەتم نابەڵەدە بە خۆمو

شارەزایە بە گریان

نازانم.. تاكەی قاوە بۆ پێكەنینە ونبووەكانم بگرمەوە

كە گریان نەهێڵێ جگە لە خۆی

هیچ لە فنجانی قەدەردا بخوێنمەوە